هەرەم رونکردنەوەیەک لەبارەی راگرتنی موچەی بەشێک لە خانەنشینانی سەربازی بەودەکاتەوە



بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / وەزارەتی دارایی و ئابووری لەبارەی خەرجنەکردنی موچەی مانگی شوباتی بەشێک لە خانەنشینانی سەربازی لە سنووری پارێزگای سلێمانی رایگەیاند، ئەو خانەنشینانەی کە ناویان لە لیستی موچەدا نیەە ژمارەیان لە 801 کەس و کەمئەندامی سەنگەرن کە پشتر لەسەر هەڵکانی 70 موچەیان بە خەرج کراوە، لەچوارچێوەی بەیاری گواستنەوەی دەسیەی خانەنشینانی سەربازی بەهێی تەواونەبون و پەسەندنەکردنی دەسیەکانیان نەتوانراوە داخڵی لیستی موچە بکرێنەوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەمڕۆ پێنجشەممەە لەڕاگەیەندراوەکدا سەبارەت بە خەرجنەکردنی موچەی مانگی شوباتی بەشێک لە خانەنشینانی سەربازیی لە سنووری پارێزگای سلێمانی رایگەیاند، "زیادکردنی ناوی فەرمانبەر یان خانەنشین یان هەر موچەخۆرێک لە لیستی موچەی مانگانە پێیوەندی بەوەزارەتی دارایی و ئابووری هەرەمەوە نییە، بەڵکو ئەو کارە پێیوەستە بەوەزارەت و یەکە ژمێریارییەکانی دەرەوەی وەزارەتی دارایییەوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەو خانەنشینانەی کە ناویان لە لیستی موچەی مانگی شوبات نییە ژمارەیان لە 801 کەس و کەمئەندامی سەنگەرن کە پشتر لەسەر هەڵکانی 70 موچەیان بە خەرجکراوە، لەچوارچێوەی

بەیاری گواستنەوەی دەسپێی خانەنشینانی سەربازیی لە وەزارەتی پێشمەرگەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووریی، بەهۆی تەواونەبوون و پێسەندنەکردنی دەسپێکانیان نەتوانراوە لەمانگی شوباتدا داخڵی لیستی موچە بکرێنەوە، کاتێک لیستی موچە و دەسپێکانیان گەیشتوەتە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگە لە وەزارەتی دارایی لیستی مووچەی مانگی شوبات لەبەغداد بووە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لەکاتی وردبینی لە دەسپێی ئەو خانەنشینانە دەرکەوتوە بێشکی زۆریان (upn)یان نەبوە و بێشکیشیان وارسن و مامەڵەی وارسیان بۆ نەکرابو، دوای ئەنجامدانی وردبینی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە (750) خانەنشینیان دەسپێکانیان پەسەندکراوە و لەلیستی موچەی مانگی ئازار لەسیستەمی پەیەڕە داخڵ کراونەتەوە و موچەیان بۆ بەستراوەتەوە، هەر موچەخۆرێکیش ئامادە سیستەمە بۆ موچە لیستی ئەستادا لە کە بکرێت پەیەڕە سیستەمی داخڵی ناتوانرێت نەبێت ی(upn) دەکرێت.

ئەوەش هاتوە، سەبارەت بە شایستەی موچەی سەرجەم ئەو خانەنشینانەی کە لە چەند مانگی ڕابردو موچەکانیان لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە خەرج نەکراوە، وەزارەتی دارایی فیدراڵ دەنیایی داوە کە ئەو موچانە وەک شایستەیەک دەمێنێتەوە تا کاتی پەسەندکردنی بودجە و دواتر هەموی بەسەریەکەوە خەرج دەکرێتەوە، لە بەرئەوەی لە ئێستادا بودجە پەسەند نەکراوە و مانگانە تەنها کار بەخەرجکردنی یەک لەسەر دوازدەی ساڵی ڕابردو دەکرێت.